# خشڵ وڕازێنەرەوەکانی ئیماندار دەگەنە هەرشوێنێکی کە دەستنوێژی پێی بگات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئومەتەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا بانگ دەکرێن؛ ونێوچەوان ودەست وپێیان دەدرەوشێتەوە بەهۆی شوێنەواری دەستنوێژەوە». ئەبو هورەیرە دەڵێت: بۆیە هەرکەسێک توانی شوێنی درەوشانەوەکە زیاتر بکات؛ ئەوا با ئەنجامی بدات. ولە گێڕانەوەی (مسلم) دا، نوعەیمی موجمیر دەڵێت: «ئەبو هورەیرەم بینی، دەموچاو ودەستەکانی شۆرد هەتاوەکو شۆردنەکە خەریک بوو شانەکانیشی بگرێتەوە، پاشان پێیەکانی شۆرد هەتاوەکو ساقەکانی*، وپاشان ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلی الله علیه وسلم- کە فەرموویەتی: «ئومەتەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا بانگ دەکرێن؛ ونێوچەوان ودەست وپێیان دەدرەوشێتەوە بەهۆی شوێنەواری دەستنوێژەوە»، پاشان ئەبو هورەیرە ووتی: بۆیە هەرکەسێک توانی شوێنی درەوشانەوەکە زیاتر بکات؛ ئەوا با ئەنجامی بدات. ولە گێڕانەوەیەکی (مسلم) دا: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خشڵ وڕازێنەرەوەکانی ئیماندار دەگەنە هەرشوێنێکی کە دەستنوێژ پێی بگات». *(ساق: نیوەی خوارەوەی قاچەکانە، ئەو پارچە ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان بە پێیەکان (وگوێزنگەکانەوە دەبەستێت

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە بە گێڕانەوەی خۆی - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- موژدە دەدات بە ئومەتەکەی بەوەی خوای گەورە -سبحانە وتعالی- نیشانەیەکی ڕێزگرتنی تایبەتیان پێدەبەخشێت لە نێوان ئومەتەکاندا لە ڕۆژی قیامەت، ولە نێو خەڵکی بانگدەکرێن ودێن لە پێش هەمووو بوونەوەرەکاندا دەموچاو ودەست وپێیان دەدرەوشێتەوە بە نور وڕۆشنایی، وئەمیش بەهۆی شوێنەواری ئەم پەرستنە مەزنە کە دەستنوێژ گرتنە، چونکە ئیماندار ڕۆژانە بەردەوام ئەنجامیانداوە لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە وداواکردنی پاداشتەکانی، وبۆیە پاداشتەکەی ئەم پلە سوپاسکراوە مەزنە تایبەتەیە، وپاشان ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (بۆیە هەرکەسێک توانی شوێنی درەوشانەوەکە زیاتر بکات؛ ئەوا با ئەنجامی بدات)؛ چونکە هەرچەندێک شوێنی شۆردنەکە زیاتر بێت ئەوا درەوشانەوە وڕۆشناییەکە زیاتر دەبێت، بەڵام ئەوەی ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا شۆردنی دەستەکانە هەتاوەکو ئانیشکەکان وئانیشکەکانیش دەشوات وهەروەها شۆردنی هەندێک لە بەشی سەرەوەی ئانیشکەکانیش ڕێگەپێدراوە، وهەروەها شۆردنی پێیەکان هەتاوەکو قولەپێکان (گوێزنگەکان) وقولەپێکانیش دەشوات وهەروەها شۆردنی بەشێک لە ساق لە سەرەوەی قولەپێکان ڕێگەپێدراوە لە کاتی دەستنوێژ گرتندا، بەڵام شۆردنی ئێسکی باڵ (کە دەکەوێتە ئانیشکەکان وجومگەی شانەکان) وشۆردنی ئێسکی ساق (کە دەکەوێتە نێوان قولەپێکان وئەژنۆکان) بە شێوەیەکی کامڵ داواکراو نییە لە شەریعەتدا بەڵکو تەنها بەشێکیان دەشوات، ولە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: (تبلُغُ الحِليةُ منَ المؤْمِنِ حَيْثُ يبلُغُ الوُضوءُ) [صحيح الجامع] واتە: (خشڵ وڕازێنەرەوەکانی ئیماندار دەگات بە هەرشوێنێکی لاشەی کە دەستنوێژگرتن پێی بگات).